# ئیماندار لە بەهەشتدا خێمەیەکی هەیە کە لە یەک مرواری ناوبۆش دروستکراوە، درێژییەکەی شەست میلە، ئیماندار چەندەها هاوسەری هەیە دەڕواتە لای هەریەکیان، ئەوانی تر نایبینن

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئیماندار لە بەهەشتدا خێمەیەکی هەیە کە لە یەک مرواری ناوبۆش دروستکراوە، درێژییەکەی شەست میلە، ئیماندار چەندەها هاوسەری هەیە دەڕواتە لای هەریەکیان، ئەوانی تر نایبینن».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی هەندێك لە نیعمەتەكانی بەهەشتمان بۆ دەكات، ئیماندار لە بەهەشتدا خێمەیەكی مەزن وفراوانی هەیە، كە لە یەك مرواری ناوبۆش دروستكراوە، پانی ودرێژیەكەی لە ئاسماندا شەست میلە، لە هەر شوێن وئاراستە وگۆشەیەك لە چوارگۆشەكانی ئەم خێمەیە؛ چەند هاوسەری هەیە، هیچیان ئەوانی تر نابینن، وئیماندار سەردانی هەموویان دەكات.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee